# کێ (کۆڵن وڵسۆن)ی لە یادە؟

## خاوەنی کتێبی(نامونتەمی)

ئا: محەمەد چیا




پێش پەنجاساڵ لە زۆربەی وڵاتانی جیهانداك کۆڵن وڵسۆن جێی باسی مونتەدا ئەدەبییەکان بوو ئاماژەکانی، جوڵەکانی و توێژەکانی پانتاییەکی گەورەی دیاریکردبوو لە زۆربەی رۆژنامەکانی جیهاندا، دوێنێ بە رێکەوت یەکێك لە هاورێکانی پێیراگەیاندم کە هەواڵێکی کورتی لە رۆژنامەی گاردیان خوێندۆتەوە لەبارەی مردنی خاوەنی کتێبی (نامونتەمی)یەوە ... هاورێکەم ئەوەشی وت، چەند هەژارە کۆڵن وڵسۆن لەکاتێکدا مرد، کە سەرنجی جیهانی و ئاژانسەکانی هەواڵ بەرەو باشوری ئەفەریقیا ئاراستەکراون، بۆئەوەی راپۆرت و هەواڵەکان لەبارەی کۆچی دوایی نیلسۆن ماندێلاوە بگوێزنەوە.
هەتا شەستەکان و حەفتاکانیش، وادەردەکەوت، کە کۆڵن وڵسۆن وەك مەرجەعیەتێکی ئەدەبی و فەلسەفەی بمێنێتەوە و بەرهەمەکانی بگۆڕێت بۆ ئەدەبی کلاسیکی.
بەڵام وادیارە پێشینەکەی سارتەر کە دەڵێت: «وشەکانی پەخشان، ئامرازی گەلێکن و کاریگەریان نامێنێت کاتێك، کە مەبەستێکمان پێیان نەمێنێت «کۆڵن وڵسۆنی پێکاوە و ئێستا هیچ کەسێك نایناسێت و رۆمانەکانی هیچ رەواجێکییان نەماوە.
کاتێك کۆڵن وڵسۆن یەکەم کتێبی و بەناوبانگترینی بە ناوی (نامونتەمی) لە ساڵی 1956دا دەرکرد ، ئەوکات تەمەنی بیست وچوار ساڵ بوو. ئەو کتێبەی کە سامان و ناوبانگێکی زۆری بۆ پەیداکرد و بۆ زمانە جیاوازەکانی جیهان وەرگێڕدرا، لەوکاتەدا چەندین رەخنەگری ئینگلیزی سوکایەتی و گاڵتەیان بەو کۆششە کرد، کە نوسەر کردوویەتی و وایاندانا ئەو کۆششانەی ئەو، تەنها گەشتێکە بەناو بەرهەمەکانی گەورە بیرمەندانی ئەوروپادا و بەرهەمی لێکۆڵینەوەی سەرچاوە فەلسەفییەکانە، بەڵام خوێنەران هیچ گوێیەکیان بەم هات و هاوارەی رەخنەگران نەداو بۆ چەندین ساڵ کتێبەکەیان کردە پڕفرۆشترین و بەناوبانگترین کتێب و نوسەرەکەش بووە یەکێك لە دیارترین ئەستێرە لە کۆمەڵگەی بەریتانیدا.
کتێبی (نامونتەمی)، لە یەکێك لە هۆڵەکانی خوێندنەوەی مۆزەخانەی بەریتانیادا نوسرابوو ، لە کاتێکدا نوسەرەکەی لەناو پێخەفێکی گوازراوەدا دەخەوت لە شەقامی (هامستید)، ئەو کوڕی پیاوێك بوو لە یەکێك لە کارگە بچووکەکاندا کاری دەکرد، لە تەمەنی شازدە ساڵیدا وازی لە خوێندن هێنا، هەروەها سەرکەوتووبوو لە هەڵهاتن لە خزمەتی سەربازی بە هۆی فێڵێکی بچووکەوە. لە گەنجیدا چەندین کاری نامۆی کردووە، بۆئەوەی بواری هەبێت، هەموو ئەوانە بخوێنێتەوە کە لەوکاتەدا بڵاوکرایەوە، هەموو تێبینییەکانیشی لە تۆمارێکی گەورەدا دەنوسی، کە نرخی کڕینەکەی لە یەکێك لە هاوەڵەکانی قەرز کردووە.
کۆڵن وڵسۆن لە کتێبەکەیدا «گەشتێك بەرەو سەرەتا» کە لەلایەن رەخنەگری میسریی ساحی خشیە وەرگێڕدراوە، باسی چیرۆکی کتێبە بەناوبانگەکەیمان (نامونتەمی) بۆدەکات و دەڵێت: پێش ئەوەی ئەم کتێبەم بڵاوبکەمەوە، بیرمکردەوە و بەخۆمم وت، پێویستە ئەمە مەسەلەکان بگێڕێتەوە بۆ شوێنی خۆیان، پاشان لەناکاو کەوتمەژێر رۆشنای چڕی تەلەفزیۆنەکان، هاندەدرام بۆئەوەی شەڕبکەم ... یان لە کردنەوەی پێشانگایەکی هونەریدا ...لەگەڵ یەکێك لە لۆردەکان ئەو هاندانە وای لێکردم بە ناوی خۆیەوە بانگی بکەم ... لە ئاهەنگەکاندا میوانەکان وا ئاماژەیان بۆ دەکردم، وەك ئەوەی سەمەرەیەکی سروشتی بم، یان رەخنەگرێك رەخنەی لێدەگرتم .. هەموو ئەمانە پەیوەندییان چییە بە کتێبی (نامونتەمیەوە)..؟ شتێکی باوەڕ پێنەکراو بوو، شتێکی گەمژانە و

شێتانەبوو لە هەموو ئەوەی لە توانامدا بوو خەیاڵی بکەم، هیچ پەیوەندییەکی نەبوو بە هەرشتێکەوە، کە بایەخی پێدەدەم. ئەوە نمایشێکی گاڵتەجاڕانەی پێکەنیناوی بوو بۆ سەرکەوتن.

لە بەیانیی ڕۆژی یەکشەممەدا، کاتێك یەکەم نمایشی کتێبەکەی دەرکەوت، بیرم کردەوە و لە خۆمم پرسی من سەرکەوتم و ئامانجی خۆمم بەدەستهێنا، بەڵام پاش ئەوەی هەفتەکانی پڕوپاگەندە تەواوبوو، بۆم دەرکەوت کە ئامانجەکەمم بە دەستهێناوە، بەڵکو تەنها جەنگەکەی گوازراوەتەوە بۆ لایەنەکەیتر، حەقیقەتی ئەوەم بۆ دەرکەوت، کە سارتەر وتبووی (دۆزەخ ئەوانی ترن )... بۆ بەیانی لە ڕۆژنامەی دەیلی ئێکسپرێیس دا وتارێك بڵاوبۆوە بە ناونیشانی (کۆڵن ولیسۆن دان بەوەدا دەنێت کە فێڵبازە)، هەروەها گوایە من وتوومە (نامونتەمی لەسەر مەبەستێکی تەواو ساختە نوسراوە).

نامونتەمی کێیە؟

کۆڵن وڵسۆن پێناسەی نامونتەمی دەکات و دەڵێت: (ئەو مرۆڤەی کە پەی بەوبنەما لاوازە دەبات، کە ژیانی مرۆڤایەتی لەسەری وەستاوە، هەروەها ئەوکەسەی هەست بەوەدەکات شڵەژان و فەوزەویەت ریشەیان قوڵترە لەو سیستمەی کە کۆمەڵگە بڕوای پێیەتی. رابردو کەسانی لەوشێوەیەی بەخۆوە بینیوە، کە ئەم دیدە ترسناکەیان هەبووە).

کۆڵن وڵسۆن کتێبێکی زۆر گرنگمان بە نسبەت ئێمەوە پێشکەشدەکات ، چونکە ئێمە لە ڕاستیدا دەمانویست چارەسەر گەلێك بۆ گرفتەکانی ئەو سەردەمە بدۆزینەوە.

نوسەر (کۆڵن وڵسۆن) نمونەیەکمان بۆدەهێنێتەوە لەبارەی نامونتەمی نمونەییەوە لە ئەدەبی نوێداو سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ پاڵەوانی چیرۆکی باریۆس «دۆزەخ» کە پەنا دەباتەوە بۆ ژوورەکەی لە میوانخانەدا و دەرگا لەسەرخۆی دادەخات و لەوێوە لە کونێکەوە چاودێری خەڵکانی تر دەکات، وەك باربۆس دەڵێت( ئەو زیاتر و قوڵتر دەبینێت لەوەی، کە پێویستە) و ئەوە تەنها فەوزا دەبینێت، هەروەها دوایین نوسینی «ویلز»مان پێدەدات (عەقڵی لەوپەڕی سنوری لەوانەیە)دا وەك نمونەیەك بۆ ئەم جۆرە بەئاگا هاتنەوەیە، لێرەدا پیاوێك دەبینیەوە، هەموو ژیانی بەشێوەیەکی مونتەمی ژیاوە و لەناکاو لەبەردەمیدا بۆشایی دەبینێتەوە، بۆیە هاوار دەکات و دەڵێت ئێمە بۆ هیچ شوێنێك نەڕۆشتین ...

وڵسۆن لەڕێگەی ڕۆمانی (نامۆ)ی ئەلبێرت کامۆوە باس لە سروشتی نامونتەمی دەکات بۆمان، هەروەها کارە بەراییەکانی «هەمنگوای «و دان بەوەدا دەنێت، کە ئەو ڕەوشەی یان کەشەی کە جیهانی نامونتەمی هاوچەرخی تێدایە، کەشێکی زۆر دزێوە.

ئەمجۆرە کەسانە تەنها جیهان ڕەتناکەنەوە، بەڵکو زۆرێکمان ڕووبەڕوی دەبینەوە. ئەوجیهانە رووت ئەبستراکتەیان لە بەهاکان جیهانی کەسانێکی پێگەشتووە، جیاوازی لە نێوان جیهانی کەسانی پێگەیشتوو، جیهانی منداڵاندا، یەکێکە لە جیاوازییە سەرەتاییەکان لەنێوان جیهانی سەدەی نۆزدەهەمدا.

وڵسۆن سەبارەت بە کەسی نامونتەمی ڕۆمانی سەرنجمان بۆ (ئازارەکانی ڤارتەر) ی گۆتە ڕادەکێشێت. هەر لە دزەکانی «شیللەر» و زۆرێکی تر وەك هوڵدەرلن و رامبۆ و مالارمییە و ریلکە و پرۆست. بەوپێیەی گرفتی نامونتەمی لە جەوهەریدا گرفتێکی زیندووە، بۆیە وڵسۆن لە ئەدەبەوە دەگەڕێتەوە بۆ خودی ژیان، ڤان کوخ، لۆرنس و نجنسکی بە کەسانی نامونتەمی دادەنێت .

ئەو هەڵیاندەبژێرێت بەو پێیەی سێ نمونەی بۆ کەسی نامونتەمی و هەر یەکەیان تایبەتمەندی جیاوازی خۆیان هەیە و بە پێی رکابەری ئەوانیتر دەکات لە ئینتیمابووندا، تایبەتمەندی گەلێك لەعەقڵیەت و شعور و جەستەدا، ئایا نابینن ئەو ڕێگەی کە هەر یەکێك لەوانە گرتیانەبەر لە خۆیدا بەرهەمدار نەبوو؟

ڤان کوخ و نجسکی بردن بەرەو شێتبوون، لە کاتێکدا خۆکوشتنی ئەقڵی لۆرنس کەمتر نەبوو لە شێتبوونی نجنسکی. دواجار وڵسۆن دەگاتە ئەوەی کە گرنگترین شتێك خەباتی نامونتەمی سەرقاڵکردووە، بریتییە لە ئارەزو نەکردنی بۆ ئەوەی بێتە کەسێکی نامونتەمی.

بەڵام ئەو ناتوانێت دەستبەرداری نامەنتەمی بوونی خۆی بێت بۆئەوەی ببێتە بورجوازیەکی ئاسایی، چونکە ئەمە چارەسەری دروست نییە، بەڵکو گرفتی ئەو ئەوەیە چۆن بچێتە پێشەوە، بەڵام لۆرنس، نجنسکی و ڤان کوخ گەڕانەوە بۆ دواوە و هەموویان خۆیان کوشت .

بەمشێوەیە نامونتەمی شێت نییە... بەڵکو ئەو تەنیا زیاتر هەستیارترە لەکەسە گەشبینە عەقڵ دروستەکان، نامونتەمی دەیەوێت ئازادبێت و پێیوایە کەسانی عەقڵ دروست ئازاد نین، هەروەها وڵسۆن چارەسەرێکی دۆزیوەتەوە لەوەدا کە دەڵێت «پێویستە هەموو خەڵك نامەنتەمی بن، بەڵام نامەنتەمییەکان تۆلستوی لە خۆیان هەڵهاتن بە دەستگرتنیان بە نکۆڵیکردنی خودەوە، بەو پێیەی جەوهەری مەسیحیەتە» ئەو بەشەش بە دیستۆڤسکی کۆتایی دێت، کە وڵسۆن زۆربەی ئەوبەشەی کتێبەکەی، کە ماوەتەوە بۆی تەرخاندەکات و بەشێوەیەکی ورد کارەکانی شیکاردەکات، ئەویش لەبەر ئەوەی کارەکانی ئەم نوسەرە ڕێگە بۆ پەرەسەندنی نوێ خۆشدەکەن.

**سەرچاوە:** المنارات، ژمارە:3552



